



# بەدللە تازەكانی خانمانی بووك

بەدللەكانی خانمانی بووك رۆژانە لە مۆدەی تازە و جوانەوە دەركەون، ئەمەش وادەكات دیمەنێكی شایستە و ناسك دەربخات و لە رێگەی مۆدەكانی جلەكانی بووك، یەكێك لە سەرەنجراكێشترین بەدلەی بووك بە خانمانی بووك پێشكەش بكەن، بە تایبەت ئەو مۆدەیەی دەیبینن كە بریتییە لە مۆدەی بەدلەی كراوە.

كراوەیی ئەو بەدللەیە لەوەدایە كە بەشی سەرەوەی كراوەیە و بە نەخشێكی ناسك رازاوەتەوە و لەم رێگەیە دەتوانین جوانیەكی رەها و شایستە دەربكەوێ لە جوانی بەدلەكانی خانمانی بووك، لێرەدا دەبێ گرنگی بەم مۆدەیە بدەین و لە نزیكەوە خانمان بۆ رۆژی ئاهەنگ هەڵبژێرن، چونكە رازاوەیی پێوە دیارە.

## تازەترین مۆدەكانی ماكیاژی ٢٠١٠



**ساڵۆن حەنان دەشتی : ئیمارات**

خاتوو حەنان، لە ساڵۆن حەنان دەشتی، لە بابەتی ئەمجارە باس لە جۆرە ماكیاژێكی رووخسار دەكات، ئەمەش كە پێكهاتووە لە شێوە ماكیاژێكی تایبەت و جوان، ئەو جۆرە ماكیاژە لە ماكیاژێكی رەنگێكی تایبەت و كراوە دادەنرێ بۆ رووخسار، تەنانەت وەك مۆدەیەكی تایبەت دەردەكەوێ، شێوازی ماكیاژەكە بە دانانی رەنگەكانە، هەروەها شێوازی دابەش كردنی رەنگەكان لەسەر رووخسارەكان.

شێوازی ئەو ماكیاژە بە شێوەیەكی كراوە و جوان دەردەكەوێ، تەنانەت دانانی رەنگی ئەساس لە سەرتاپای رووخسار دەدرێ و شێوەیەكی ناسكی پێوە دەردەكەوێ، دەبێ رەنگەكان بە پێ شێوازێكی تایبەت و رازاوە دابنرێن، ئەمەش وادەكات كە مۆدەكان لە نزیكەوە بە ناسكی دەربكەوێ، بەڵام دەبێ پشت چاوەكان رازاوە و كراوە بن، هەروەها رەنگی لێوەكان جیاوازبن لە رەنگی ماكیاژەكە، بۆ ئەوەی دەرخستنی بە ناسكی و كراوەیی بێ، بۆیە شێوەی لەم جۆرە جوانی و تایبەتمەندی خۆی دەبێ.



# مۆدەی
# کراسە رازاوەکان

کەرەستەکانی جلوبەرگ لە هەندێك حاڵەتدا، دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت و جوان لەسەر جەستەی خانمان، تەنانەت هەندێك لە رێگەی شێوازە سەرەنجراکێشەکەی، دەکرێ سوودێکی گەورەی لێوە ببینرێ و لە نزیکەوە بە مۆدەیەکی تایبەت و جوان دابنرێ، ئەوەی مەبەستمانە بریتییە لە کراسەکانی سەرەوە بۆ هەر خانمێك.

ئەوەی دەیبینن دوو مۆدەی رازاوە و ناسکە لە جلەکان، کە شێوازێکی تایبەت و جوان لە خۆ دەگرێ، تەنانەت دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ چەندین جلوبەرگدا بپۆشرێن، ئەمەش کاتێك لەگەڵ پانتۆڵ یان کاوبۆی دەپۆشرێ، لەگەڵ مۆدەکانی ئەو وەرزە دەگونجێ و دەیمەنێکی رازاوە دەبەخشێ.



# ئێکسسوارەکان جوانترت دەکەن



جوانی ئێکسسوارەکان کار دەکات لەسەر دانانی رازاوەیی و جوانی لەسەر ئەو شوێنەی کە ئێکسسوارەکەی لێوە دادەنرێ، وەك ملوانکە، گوارە، بازنگ، ئەڵقە و کەرەستەکانی دیکە، لە جوانی ئێکسسوارەکان چەند شتێك یەدی دەکرێ، ئەویش مەرج نییە کەرەستەکان لە شێوەی کلاسیکی یان لاسایی بێ، دەکرێ لە شێوەی دیکە و جوانی لە شێوەکان دەربکەوێ.

ئەوەی دەیبینن چەند شێوەیەکە لە ئێکسسوارەکانی (ملوانکە – گوارە – ئەنگوستیلە)، ئەمەش بە چەندین شێوەی دیکە دروست کراوە، وەکو کەرەستەیەکی سەرەنجراکێش دەپۆشرێ و دەکرێ ببێتە مۆدەیەکی تایبەت و رازاوە لەسەر جەستەی خانمان

# پێڵاوی کوردەواری بۆ خانمان



هەرچەندە رۆژانە چەندین مۆدەی تایبەت و جوان لە سەندڵ و پێڵاوەکان بەدی دەکرێن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی تایبەت و جوان دەردەکەوێ، بەڵام نابێ کەرەستە و شتی کوردەواری خۆمان لە بیر بکەین، چونکە ئەوانەش شتێکی وایان کەمتر نییە لە جوانی مۆدەکانی دیکەی جیهان، ئەمەش وادەکات جوانییەکی رازاوە و جوان ببەخشێ.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە یەکێك لە مۆدەکانی پێڵاوی کوردەواری بۆ خانمان، کە دیمەنێکی جوان و ناسك دەبەخشێ، هەرچەندە مۆدەیەکی کلاسیکی پێوە دیارە، بەڵام دەکرێ داواکاری لەسەر ئەو ستایلە بکرێ، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی بەرچاو و شایستە بپۆشرێ، رەنگە ببێتە مۆدەیەکی جیهانی و لە سەرتاپای جیهان دەیپۆشن.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com

# کوڕە کچەکە لە بەندیخانەیە



دوای ئەوەی کوڕە گەنجێکی ئیماراتی بەناوی (شەمعون) کە ڕەگەزی خۆی کوڕە، بەڵام لاساییەکی تەواوی کچ دەکاتەوە، دوای چەندین نەشتەرگەری تایبەت، ئێستا شێوەی وەك کچێکی جوان دەردەکەوێ، ئەمەش لەسەر خواستی خۆی ئەو کارەی کردووە، ئەوەی سەیر بێ، لە وڵاتەکەی دژایەتییەکی توندی دەکرێ و تەنانەت بەم دواییەش لەلایەن پۆلیس خرایە بەندینخانە.

شێوەی لە کچ دەچێ، و توانیویەتی چەندین گەنجی وڵاتەکەی بۆ خۆی رابکێشێ و بە دەنگ و شێوەی وەك خۆشەویستێك رەفتاریان لەگەڵدا دەکات، کەچی لە دوا جار تووشی پۆلیسێك دەبێ بە جلی هاووڵاتی و دەستگیر دەکرێ، ئێستاش لە بەندینخانەیە تا بڕیاری بۆ دەدرێ.




# گۆڵچی عاشق!

ئەوەی دەیبینن سەیرترین دیمەنی وەرزشییە کە لە یاریگاکان روویداوە، وادیارە ئەو گۆڵچییە خەمێکی قوڵی هەیە، یان ئاشقێکی سەرگەردانە بۆیە وا بە داوای سەری بە ئاسنینی گۆڵەکەی کردووە، ئەوەی سەیربێ ئەو دیمەنە تراژیدیایە لە کاتی هێرشبردنە بۆ سەر ئەو گۆڵچیە کە لە وێنەکاندا دەردەکەوێ.

ئەگەر سەیرێکی وێنەکە بکەن، دەبینن لەلای دەستە چەپی وێنەکە هێرش هاتووە و کاکی گۆڵچیش بیری رۆیشتووە و دەبێ لە چ خەیاڵێکی رۆمانسی و خۆش بێ یان لە چ خەمێکدا بیر بکاتەوە.

# تابلۆیەک لە مێروولە!



ئەوانەی وێنە دەکێشن گشت کارێك دەکەن بۆ ئەوەی تەنیا وێنەکەیان یان تابلۆیەکەیان بە جوانترین شێوە دەربکەوێ، کەچی گرنگی بە لایەنی دیکە نادەن، ئەمەش لەلای هەندێك لە هونەرمەندان، وەکو ئەو وێنەکێشە کە هەڵساوە بە دروست کردنی وێنەیەکی جوان، بەڵام لەسەر حیسابی هەزارەها مێروولە.

کریس ترۆمان ئەو وێنەکێشەیە، کە هەڵساوە بە کێشانی وێنەیەکی سەیر، بە مێروولەی مردوو، ژمارەی ئەو مێروولانەی بەکاریهێناوە بریتییە لە (٢٠٠٠) مێروولە تەنیا بۆ ئەوەی وێنەکەی جوان دەربچێ، ئەمەو گشت ئەو مێروولانەی بە (٥٠٠) دۆلار دەستکەوت، کەچی وێنەکەی بە (٣٥)هەزار دۆلار فرۆشت.



# یارمەتی ئەو گوێدرێژە بدەن!

دیاردە ســـەیرەکان لە گشـــت جیهان هەن، بە جۆرێك هەر دیاردەیەك دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و جوان لەبەرچاوی گشت کەسێ، ئەمەش وادەکات کە هەر یەکە لە حاڵەتەکان وەك ئەوەی دەیبینن ببێتە جێگەی بەزەیی مرۆڤ لەوەی چۆن کاری وا بەرامبەر گیانداران ئەنجام دەدەن، بەم جۆرە گیانداری وەکو گوێدرێژ ئەزیەت دەدەن.

ئەوەی دەیبینن حاڵەتێکی زۆر بارکردنە لەسەر پشتی گوێدرێژێك، کە ئەوەندە بارەکەی گرانە، کەوتووە و ناتوانێ هەڵستێتەوە، وەك ئەوەی ئەوەندە هیلاك بێ، کەسیش لەلای نییە هەندێك ئاوی بۆ بهێنێ و بۆ ئەوەی هەڵبستێتەوە، وادیارە گەرمای ئەوساڵ کاری لەم گوێدرێژەش کردووە.

# مۆز بۆ مەیموون قەدەغەیە



وەکـــو دەزانین خواردنە بەهێـــزەکان مرۆڤ قەڵەو دەکـــەن، تەنانەت وادەکەن کەرشـــێکی زۆر دروست بێ، تەنانەت ئەو حاڵەتە لـــەلای گیاندارانیـــش بـــەدی دەکـــرێ، ئەوەی دەیبینـــن دیمەنێکـــە لە قەڵەوی گیانـــداران کە بە هـــۆی زۆر خواردن و جووڵە نەکردن بەم شێوەیە گەیشـــتوون، ئەو قەڵەویە لە ئەنجامی زۆر خواردن دەردەکەوێ.

ئەو مەیموونە لە وڵاتی کۆریا هەن، لە باخچەیەکی ئاژەڵان داندراون، ماوەیەك رێژەیەکی زۆر لە مۆزیان بـــەم مەیموونانـــە دەدا، تا وای لێهات گەیشـــتە رێژەیەك کە ئەوەندە قەڵەو بن، نەتوانن جووڵە بکەن.

# (٢٠٠٠) هەنگ لەسەر جەستە



ماوەیەك بەر لە ئێستا پیاوێك لە کەنەدا توانی ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەکانی لەسەر جەستەی کۆ بکاتـــەوە، کەچی وادیارە کەسێکی دیکە رکابـــەری ئەو پیاوە کەنەدییە دەکات و دەیەوێ ژمـــارەی ئەو پیاوە بشـــکێنێ لـــەوەی بتوانێ ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەکانی لەسەر جەستەی کۆبکاتەوە.

ئەوەی دەیبینن گەنجێکـــە لە وڵاتـــی کۆریا، کە خـــاوەن (٣) هـــەزار هەنگە، بـــۆ ئـــەوەی هەنگوین بەرهەم بهێنـــن، ئـــەو گەنجـــە ناوی (ییۆن لی)یە و تەمەنی (٢٧) ســـاڵە، توانی لە نمایشـــێکی سەیر و تایبەتدا، نزیکـــەی (٢٠٠٠) هەنگ لەســـەر جەســـتەی کۆ بکاتـــەوە، بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێ.

# تابلۆ لە میوە و سەوزە

وێنە و تابلۆکان بە سـەیرترین شـێواز دەردەکەون، ئەمەش لە رێگەی دروسـت کردنی بە کەرەستە سـەیرەکان، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکی سەیر و سەرەنجراکێشە، کە لە میوە و سـەوزەکان دروست کراوە، کاری لەم جۆرە بیر کردنەوە و بەهرەیەکی بەهێز و سەیری دەوێ بۆ ئەوەی کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدرێ.





# بوومەلەرزە لە کاتی ئاهەنگێران

لە کاتی ئاهەنگی هاوسـەرگیری زۆر جار دەبێتە هۆی کارەسـات و ناخۆشی، ئەمەش بە هۆی کۆبوونەوەی ئەو خەڵکە یان ئەو خزم و دۆسـتانەی بووک و زاوا، کەچی لـە وڵاتی چین لە سـەیرترین حاڵەتـی ئاهەنگی بووك گواسـتنەوە، بوومەلـەرزە روویداوە هەر یەکە خەریکی خـۆ دەرباز کردن بوو لە نـاو خانووەکە، کەس ئاگای لە بـووك و زاوا نەما لەم کاتەدا.



## نوکتە

-مامۆسـتای عەرەبی لـە قوتابییەکانی دەپرسێ و دەڵێ: وشەی هەوا نێرە یان مێیە؟
قوتابییەکیش دەڵێ : کورە..
مامۆستا دەڵێ بۆچی ؟
ئەویـش دەڵـێ: چونکـە زۆر جـار جلم هەڵدەداتەوە

❋ ❋ ❋

-مامۆستا دەپرسـێ لە قوتابیەکان و دەڵێ : دەریا یان دەریاچە گەورەترە؟
قوتابییەکیش دەڵێ : دەریاچە، چونکە پیتەکانی زۆرترە!

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



چاوت بە کەسێکی زۆر نزیك و خۆشەویستت دەکەوێت، داواکاریەکت ئاراستە دەکات باش بیری لێبکەوە ئەو کات بڕیاری خۆت بدە، هەوڵ بدە هەست و سۆز کارت تێنەکات و ئەوەی لەبەرژەوەندیت دایە هەڵبژێرە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



ئێستاش بەیادی رۆژانی رابردوو بیر لەو کەسە دەکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە هەڵەبووی کاتێك پێشبینیت ئەکرد دەتوانی بە ئاسانی کەسی بەرامبەر لەیاد بکەی، ئەو بەشێکی زۆری ژیانی تۆی داگیر کردووە، بۆیە لەبیرکردنی کارێکی زۆر سەختە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەستێرەکان مژدەی هەفتەیەکی زۆر خۆش و پڕ لە ئاسوودەییت پێدەدەن، دووبارە کەسێك داوات لێدەکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەیەکدا، دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ بەشداریکردن لە کارێکی بازرگانیدا ئەگەر بەرنامەیەکی باشی بۆ دابنێی دەستکەوتی دارایی باش بەدەست دێنیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



داوای لێبوردن لەو کەسە بکە کە بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی کردبێت دڵی ئەوت شکاند، ئەو زۆر بەوەفایە بەرامبەرت و ئێستاش کە بۆت دەرکەوت ئەو هیچ تاوانێکی نییە و بە هەڵە تێگەیشتووی، داوای لێبوردنی لێبکە ئەویش لێت خۆشدەبێت.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



ناتوانی کات بگەڕێنیتەوە بۆ دواوە ئەوەی بە ئاسانی بەدەست دەهات چەند مانگێك پێش ئێستا ئەم کاتە ناتوانی بەدەستی بهێنیتەوە بە ئاسانی. بەڵام ئەو ئەزموونە فێرت دەکات هیچ شتێك بەبێ بایەخ سەیر نەکەیت و لەداهاتوودا باشتر کارەکانت ئەنجام بدەی.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



هەست ئەکەی بەختەوەرترین کەسی دنیای، لەگەڵ کەسی بەرامبەر خۆشترین کاتەکانی تەمەن بەسەر دەبەن، ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی ئەم کاتەت دەکرد، ئێستاش بە دڵێکی خۆشەوە پێشوازی لەو قۆناغە خۆشەی تەمەنت بکە.

ئامادەکردنی:داریۆ

# تەلە قژێک بە (١٩) هەزار دۆلار

کەســـایەتییە ناودارەکان لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی ســـەیر مامەڵە لەگەڵ کەرەستە و شتە ماوەکانیان دەکرێ، ئەوەتا لە شاری ئۆکلاندی نیوزیلەنـــدا، تەنیا پارچەیەك لە قـــژی ئیمپراتۆریەتی فەرەنســـا (ناپلیۆن بۆناپەرت)، لە داشـــکاندنی کراوە بە (١٩) هەزار دۆلار فرۆشرا !







# سەیرترین خەوتن

حاڵەتەکانی خەوتن بە چەندین شـــێوەی سەیر و جوان دەردەکـــەون، کاتێك مرۆڤ لە خەودا دەبێ، بە سەیرترین شـــێوە دەخەوێ، تەنانەت هەندێك خەڵك هەن لە هەر شوێنێك بن، خەوی خۆی هەردەکات، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە کەسەکان بیر لە شوێنێکی گونجاو دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەوی خۆیان لێوە ئەنجام بدەن.

ئەوەی دەیبینین دوو شـــۆفێرن و بە ســـەیترین شێوە خەوتوون، تەنانەت لەسەر دارێکی باریك و لەسەر تایەی ئوتۆمبێلەکانیان دایاناوە، وەك سیسەمێك لەســـەری خەوتوون، ئەوەی سەیر بێ، چۆن ناکەون !

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**

- بازنەکانی (١+٢+٣) بە مانای بەشێکە زۆر گرنگە لە جەستەی مرۆڤ.
- بازنەکانی (٥+٦+٧) ئاگر بە زمانی عەرەبی.
- بازنەکانی (١+٦+٧) ئامێرێکی میوزیکە، لە تەڵ دروست دەکرێ.
- بازنەکانی (١+٢+٧) ئەو شوێنەی دار و باری لێوە دەچێنرێ..





* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (رەمەزان) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

خەونەکانت هێندە زۆرن لەژماردن نایەن، ناکرێت بە ماوەیەکی کەم ببیتە خاوەنی ئەو هەموو شتەی بیری لێدەکەیتەوە. ژیان چۆنە بەو شێوەیە سەیری بکە نەك بەشێوەیەکی پێچەوانە هەرچەندە هێشتا کات ماوە بۆ گەیشتن بە خەونەکانت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کاتێك هەست بە دڵتەنگی دەکەی کەسێك لەدەرگای دڵت دەدات و لەوانەیە ببێتە هۆی کردنەوەی دەرگای بەختت، ئەو کەسە زۆر تۆی خۆشدەوێت و دەیەوێت خۆشبەختت بکات، رەنگە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوانتان دروست بێت.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

کەسێك وا خۆی دەردەخات کە زۆر تۆی خۆشدەوێت لەهەمان کات لای هاوڕێکانت بە شێوەیەکی دیکە باست دەکات و قسەی دوور لە راستی دەکات، خۆشت دەزانی ئەو رقی لێت دەبێتەوە، بۆیە نهێنییەکانی خۆتی بۆ ئاشکرا مەکە و خۆی لێ دوور بخەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زیاتر سەردانی کەسە نزیکەکانت بکە، ئەوان وا هەست دەکەن تۆ ئەوانت لەیاد نییە و لەبیرت کردوون، کات زۆرە دەتوانی هەموو کارەکانت ئەنجام بدەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا، پێویستت بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەکی بچووك هەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دوای دابڕانێکی زۆر لەنێوان تۆ و خۆشەویستترین کەست، دووبارە بەیەکتر شاد دەبنەوە، ئاگاداربە و زیاتر بایەخ بە لایەنی داراییت بدە چەند کارێکی گرنگت دێتە پێش پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی هەر لەئێستاوە خۆت ئامادە بکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەست بە خەمناکی دەکەی کاتێك دەبینی هاوڕێیەکت لە چ بارێکی دەروونی سەخت دایە و تۆش ناتوانی یارمەتی بدەی. هاوڕێکانت داوات لێدەکەن بۆ ئەنجامدانی گەشتێك، ماوەیەکە گەشتت نەکردووە بەشداری بکە و خۆت لەو خۆشییە بێبەش مەکە.

hemntoni@yahoo.com